بسم الله الرحمن الرحيم

**پێڕستی بابەتەکانی ژمارە ( ٣ ) :**


| پەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | ڤالنتاین و حەقیقەتی شاراوەی !!! | سەرنووسەر |
| ٣ | سێ ئامۆژگاری | دریڤان : پ .م.م.کلار. ئینگلیزی |
| ٤ | وەڵامدانەوەی پرسیارێك لە سەر قەدەر | إدريس محمود.سليمانى.ك.ياسا |
| ٥ | مێژوو سونبولی سەربەرزی و سەرکزی گەلانە | م . علي محمد علي . کۆمەڵایەتی |
| ٦ | کۆرپەلە زانی ( بەشی دووەم ) | کاروان حمه باقي :ز.سلێمانی.پ.عربی |
| ٧ | خشوع لە نوێژدا | دایکی شاد . ی .پزیشکی |
| ٨ | ڤالانتاین وهەڵوێستی موسڵمانان ؟ | پارێزەر . أحمد محمد |
| ١٠ | ئاگادارکردنەوە لە تانەدان لە هاوەڵان ﷺ | جهاد قادر .قەڵادزێ .عەرەبی |
| ١١ | ڕق لێبوون لەبەر خودا | م . عثمان أحمد.بيرکاری |
| ١٢ | دیاردەکانی دەستگرتن بە قورئانی پیرۆزەوە | م . دارا جبار . عربی |
| ١٣ | ئەرکی موسڵمانان لەڕۆژی ڤالنتاین | م . هاوار عبدالله . کۆمەڵایەتی |
| ١٤ | تێگەیشتن لە مانای ( لا إله إلا الله ) | هاوار کريم : ز.سليمانی.کومەڵناسی |
| ١٤ | بانگەواز بۆ خاچ پەرستن ئەڵقەی (١) | بيلال جەلال.سلێمانی.پ . فيزيا |
| ١٦ | Why our supplications are not answered?! | بشتيوان علی.ز.سليمانی.ئينگليزی |


.........................................................................................

تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، ئەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگێراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراویش بێت .

.........................................................................................

**Zanest@Gawab.com**

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :

**www.ba8.org** بکە .


سەرنووسەر :

عدنان بارام قادر

دەستەی نووسەران :

هاوار عبدالله محمود

رزگار محمد کريم

فـــلاح حسن

علي محـــمد علي


بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .




# ڤالنتاين و حەقیقەتی شاراوەی !!!

لە (٢/١٤) ی هەموو ساڵێك موسڵمانان !! جەژن ئەگێڕن !! وخۆشحاڵی دەرئەبڕن !! ئەوەش نە بەبۆنەی جەژنی قوربانە ، نەش بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانە ، بەڵكو بە بۆنەی (**ڤالنتاين**) كە بە (ڕۆژی خۆشەویستی!!) ناوزەدكراوە !! بێ ئەوەی لە حەقیقەت وڕاستی ئەو بەناو جەژنە تێگەیشتبێتن !!!

(**ڤالنتاين**) ، یەكێكە لە جەژنەكانی ڕۆمانیە بت پەرەستەكان كە پێش (١٧) سەدە باو بوو لە لایان ، وبریتیە لەگوزارشت كردن لەخۆشەویستی یەكی بت پەرستی كۆن ، وچەندین ئەفسانە سەبارەت بە بنەوای سەرهەڵدانی ئەم بەناو جەژنە گێڕدراوەتەوە ، سەرەتا لە لای ڕۆمانەكان باوبووە ودواتر گەشتووەتە خاچ پەرەستان ، لەوانیەشەوە بۆ موسڵمانان !!

**لەو بارەیەوە دەووترێت** : گوایا (**ڕۆمليوس**) دامەزرێنەری (**ڕۆما**) گورگێك شیری پێداوە ، بەوەش هێز وبیركردنەوە وڕاجوانی پێ بەخشیوە ! بۆیە ڕۆمانەكان لەناوەڕاستی هەموو مانگی (**فبراير**)ێك لەهەموو ساڵێك جەژنیان گێڕاوە ... **وە دەڵێن** : ڕۆمانە كۆنەكان لەسەرەمی بت پەرەستیدا ئاهەنگیان دەگێڕا بە بۆنەی جەژنێك كە پێی دەوترا جەژنی (**لوبركيليا**) وە لەم جەژنەدا قوربانیان دەكرد بۆ بتەكانیان ، وپێیان وابوو دەیانپارێزن لە خراپە ... ودواتر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆری ڕۆمانی (**كلوديوسی دووەم**) لە سەدەی (٣) ەمی زاینی ئەم ئیمپراتۆرە ژنهێنانی لە لاوەكان قەدەغەكرد بە بیانوی ئەوەی ژنهێنان سەرقاڵیان ئەكات لەو شەڕانەی كە دەیكات وە بە بیانووی ئەوەی لاوەكان لە خێزان دارەكان زیاتر ئارامدەرن . بەڵام (**قەشە ڤالنتاين**) گرێبەندی ژنومێردایەتی سەربازەكانی بەنهێنیەوە لە كەنیسەكەیدا دەكرد ، و پاش ئەوەی ئیمپراتۆر بەم كارەی زانی داوای لێكرد واز لە خاچ پەرەستی بهێنێ بۆ ئەوەی خواكانی ڕۆمان بپەرەستێ كەچی (**ڤالنتاين**) ئەم داوایەی ڕەت كردەوە بۆیە لە ڕۆژی (**١٤فبراير**)ی ساڵی ٢٧٠م شەوی جەژنی (**لوبركيليا**) لە سێدارە درا ، بۆیە خاچ پەرەستان لە جەژنی (لوبركيليا) بە هۆی ڕۆژی لە سێدارە دانی (**ڤالنتاين**) جەژنیان دەگێڕا ، دواتر جەژنەكە ناونرا (**ڤالنتاين**) وكرایە ڕۆژی زیندوو ڕاگرتنی (**ڤالنتاين**) كە لە پێناو مانەوە لەسەر ئایینی خاچ پەرەستان لە سێدارە دراوە !! **وە دەووترێت** : پاش ئەوەی پرسیار لە (**ڤالنتاين**) كرا سەبارەت بە خوای ڕۆمانییەكان (عطارد) و (جوبيتر) ؟ لە وەڵامدا (ڤالنتاين) ووتوویەتی ئەم خوایانە دروست كراوی مرۆڤن ، خوای حەق (عیسای مەسیحە) !! ودواتر لەسەر ئەم وەڵامەی لە سێدارە دراوە ... **وە ووتراوە** : بە هۆی بانگەشە كردنی (ڤالنتاين) بۆ خاچ پەرەستی لە سێدارە دراوە ، بۆیە كراوە بە ڕۆژی خۆشەویستی !!

ئەمەیە هەندێك لەو ووتانەی كە سەبارەت بە حەقیقەتی ئەو ڕۆژەی كە ناوی لێنراوە جەژن وزۆربەی خەڵك وموسڵمان بە جەژنی ئەزانن !!

جا نازانم بۆ دەبێت موسڵمانان لەم ڕۆژەدا بەشداری بكەن ؟!! ئەی نازانن (( جەژنەكان لەو تایبەت مەندیانەن كە ئاینەكەیانی لەیەكتر پێ جیادەكرێتەوە )) ؟! وە بۆچی موسڵمانان دەبێت كەسایەتی وتایبەت مەندیەكانی ئایینەكەیان لە ئایینی بتپەرستی وخاچ پەرستی بتوێننەوە ؟! ئەوەش بە ناوی خۆشەویستی !! كە لە ڕاستیدا دوورە لەهەموو پاكیەك ، وجگە لە لاسایی كردنەوەیەكی كوێرانە نەبێت هیچی تر نیە !

بۆیە فێرخوازی خۆشەویست : ئاگەداربە ئەوانەی کە ڕۆژگارێکە بە تۆ دەڵێن کۆنەپەرست ! ئێستا فریوت نەدەن شوێنی بت پەرستی وخاچ پەرستیەکت بخەن !! کە دەگەڕێتەوە بۆ (١٧) سەدە پێش ئێستا !!

**فێرخوازی خاوەن هزر :** بەشداریکردن لە (ڤالنتاین) جگە لە مردنی دڵەکان زیاتر هیچی تر نیە ، دەزانی مردنی دڵان مانای چیە ؟ مانای ئەوەیە ناسنامەی خۆمان لە دەست ئەدەین کە موسڵمانین .

موسڵمانی بەڕێز ووشەی خۆشەویستی زۆر لەوە گەورەترە لەڕۆژێکی وەکو ( ڤالنتاین ) گوزارشتی لێبکەین وەرن با فێربین چۆن خوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەیمان ﷺ خۆش بوێ ، وەرن با لە بەرخوا یەکترمان خۆش بوێ ودرۆ وخیانەت لەگەڵ یەکدا نەکەین ، ئائەمەیە خۆشەویستی ڕاستەقینەیە .

بەڵام بەداخەوە خۆشەویستی کراوە بە هۆکارێك بۆ بەجێهێنانی پلانی بت پەرستی وتێرکردنی شەهەوەت تا ئەو ڕادەیەی بێ باوەڕان خۆشەویستیان پەیوەست کردووە بە چەند ئەفسانەیەکەوە کە مرۆڤی ژیر هەرگیز باوەڕی پێ ناهێنێ ، بۆیە ئاگەدار بن ئەم کارە دیوێکی تەواوی خاچ پەرەستی ئەنوێنێ ، و ئەم ڕۆژە (ڤالنتاین) ڕۆژی گوزارشت کردنە لە خۆشەویستی (بتپەرستی) وکۆنە پەرەستی .

**سەرنووسەر**

لە فەتوای ( **اللجنة الدائمة** ) دا هاتوە کە : حەرامە موسڵمان یارمەتیدەر بێت لەم ڕۆژە وهەموو جەژنە قەدەغە کراوەکاندا بەهەرشتێك بێت لەخواردن بێت یان خواردنەوە یان فرۆشتن یان کڕین یان دروست کردن ودیاری ونامە گۆڕینەوە وڕاگەیاندن وجگە لەوانەش چونکە هەموو ئەوانە هاوکاری کردنن لەسەر تاوان وسەرپێچی خوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی ، پەروەردگار ئەفەرموێت:﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾.

## سێ ئامۆژگاری

یەکێك لە تابعینە بەڕێزەکان کە ناوی وەهبی کوڕی مونبیهە ، و یەمەنیە لەساڵی (٣٤) ك لە دایك بووە ، لەخزمەتی کۆمەڵێك لەو هاوەڵە بەڕێزانەی پێغەمبەر ﷺ پەروەردە بوو وەکو ( ابن عباس ، أبو سعيد الخدري ) وقوتابیەکی بەردەوامی ( أبو هريرة ) ە بووە رضي الله عنه ئەم پیاوە نازدارە لە ئامۆژگاریەکانیدا ووتەی گرنگی بوو ، بۆ نموونە فەرمویەتی لە منەوە ئەم سێ شتە وەرگرن و فێری بن لەبیرتان بێت .

یەکەم : ئامان نەکەن توخنی هەواو هەوەسێك بکەون کە جڵەوتان بگرێت و ڕاتان بکێشێت بەدوای خۆیدا ، شوێن ئارەزو و هەواو هەوەسی خۆتان مەکەون ، ئەمە ئاشکرایە مرۆڤ ئەگەر هاتوو بەشوێن هەواو هەوەسی خۆی ڕۆیشت بێگومان دەکەوێتە هەڵدێری زۆر خەتەرناکەوە .

دووەم : *هاوڕێی* خراپ ، ئەگەر لەگەڵ *هاوڕێی* باشدا ڕۆیشتیت قیامەتت دەخاتەوە بیر خوات پێ ئەناسێنێ خوا پەرەستیەکەت لە دڵ ودەروونەدا زیاتر بەهێزتر دەکات ، ڕێی ی حەرام وحەلاڵت پێ نیشان دەدات و یارمەتی دەرت دەبێت بۆ حەلاڵ وەرگرتن ڕێبازی چاکە وەردەگریت و خێرمەند دەردەچیت ، بەڵام هاوڕێ ی خراپ بەدڵنیایی بەرەو هەڵدێر و خراپەکاری دونیا و لەخوا یاخی بوون و سەرپێچیت ئەبات ، کە هەموو ئاکامیان دۆزەخە .

سێیەم : لەخۆبایی بوونتان بەنەفسی خۆتان ، هەرکەسێك کە لەخۆبایی بوو ، بەجوانی و دەوڵەمەندی و عیلم و پلەوپایە و بەوەی ناوی ئەبەن بەباش ، وە بەوەی وا ئەزانێت کە لەناو خەڵکدا پلە و پایەیەکی زۆر گەورەی هەیە ، هۆکاری هەموو ئەمانەش لە خۆبایی بوونە ، پەروەردگار لە ئینحراف لە خۆبایی بوون بمان پارێزێت .

دریڤان : پ .م.م.کلار. ئینگلیزی

## وه‌لأمدانه‌وه‌ی پرسیارێك له‌ سه‌ر قه‌ده‌ر

**خــوای گــه‌وره‌ چــۆن ســزای كه‌ســێك ده‌دات له‌سه‌ر ئه‌نجامدانی تاوان وسه‌رپێچیه‌ك له‌ كاتێكدا كه‌ هه‌رخۆی له‌سه‌ری نووسیوه‌ وهه‌رده‌بێت ببێت ؟**

**وه‌لأمی ئه‌م پرسیاره‌ش به‌چه‌ند خالێك ده‌ده‌ینه‌وه‌ :**

١ . ئه‌و كه‌سه‌ی ئه‌م پرسیاره‌ ده‌كات ، ئه‌ی بۆ نالێـت بۆچـی خـوای گـه‌وره‌ پاداشـتی كه‌سـێك ده‌داتــه‌وه‌ له‌ســه‌ر كرده‌وه‌یــه‌ك كــه‌ خــۆی له‌ســه‌ری نووسیوه‌ و هه‌رده‌بێت بیكات ، چونكه‌ دادپه‌روه‌ری ( عدل ) نیه‌ تۆ قه‌ده‌ر بكه‌یت به‌ بیانوو و به‌ڵگه‌ بۆ ئه‌نجامـدانی سه‌رپێچیه‌كان و نه‌یكه‌یتـه‌ به‌ڵگـه‌ و بیانوو لـه‌ كـاتی ئه‌نجامدانی گوێڕایـه‌ڵی و كرده‌وه‌ چاكه‌كاندا .

٢ . خـوای گـه‌وره‌ ئـه‌م بڕوبیـانووه‌ی پووچـه‌ڵ كردووه‌ته‌وه‌ له‌ قورئاندا ، و به‌ قسه‌ی بێ زانستی له‌ قه‌ڵه‌م داوه‌ ، و فه‌رموویه‌تی : ﴿ سَـيَقُولُ الَّـذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَاء اللّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلاَ آبَاؤُنَا وَلاَ حَرَّمْنَا مِـن شَيْءٍ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم حَتَّى ذَاقُواْ بَأْسَنَا قُـلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا إِن تَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إَلاَّ تَخْرُصُـونَ ﴾ ( سـورة الأنعـام : ١٤٨ ) ، واته‌ : له‌مه‌ودوا هاوه‌ڵ بڕیارده‌ره‌كان ده‌ڵێن : ئه‌گه‌ر خوا بیویـستایه‌ هاوه‌ڵمـان بـۆ بڕیـار نـه‌ده‌دا !! بـاو و باپیرانیشمان هاوه‌ڵ بڕیارده‌ر ( مشرك ) نه‌ده‌بوون !! هیچ شتێكیشمان لـه‌ خۆمان حه‌رام نه‌ده‌كرد !! ( ئه‌مانه‌ هـه‌مووی قسه‌ی به‌تاڵه‌ و هـه‌رگیز خـوای گـه‌وره‌ زۆر لـه‌ كـه‌س ناكـات بـۆ باوه‌ڕهێنـان یـان بێبـاوه‌ڕی ) هــه‌ر بــه‌و شـێوه‌یه‌ ئه‌وانــه‌ی پـێش ئـه‌مانیش درۆ و بوختانیـان هه‌ڵده‌بـه‌ست ، هــه‌تا تووشی به‌ڵای ئێمه‌ بوون و سزای ئێمـه‌یان چه‌شت ، پێیـان بڵـێ : ئایـا هـیچ زانیـاری و زانـستێكی خواییتـان له‌لایـه‌ ، تـا نیـشانمان بـده‌ن و بۆمـان ده‌ربخه‌ن ؟ ئێوه‌ شوێنی هیچ شتێكی تر ناكه‌ون جگـه‌ لـه‌ گومـان ، و هـیچ شـتێكی تـر ناكـه‌ن جگـه‌ له‌وه‌ی نه‌بێت كه‌ درۆ ده‌كه‌ن .

خــوای گــه‌وره‌ ڕوونــی كردووه‌تــه‌وه‌ كــه‌ ئه‌وانـه‌ی قـه‌ده‌ر ده‌كـه‌ن بـه‌ بیـانوو لەسـه‌ر هـاوه‌ڵ بڕیاردانه‌كانیان ، پێشتر خه‌ڵكی تر هه‌بوون وه‌كو ئــه‌وان به‌رنامــه‌ی خوایــان بــه‌ درۆ داده‌نــا ، و بــه‌رده‌وام بــوون تــاوه‌ك ســزای خــوای گــه‌وره‌یان چه‌شـت ، ئه‌گـه‌ر بڕوبیانووه‌كانیـان ڕاسـت بوایـه‌ خـوای گـه‌وره‌ سـزای نـه‌ده‌دان ، پاشـان داوا لـه‌ پێغه‌مبه‌ره‌كـه‌ی ﷺ ده‌كـات ، داوایـان لێ بكـات به‌ڵگـه‌ بخه‌نـه‌ ڕوو لـه‌ سـه‌ر ڕاسـتی و درووسـتی بڕوبیانووه‌كانیان ، و ڕوونـی ده‌كاتـه‌وه‌ كـه‌ هـیچ به‌ڵگه‌یه‌كان نیه‌ .

٣ . قه‌ده‌ر نهێنیـه‌كی شارداراوه‌یه‌ ، جگـه‌ لـه‌ خوای گه‌وره‌ كه‌س نایزانێت تاكو ڕوونه‌دات ، ، باشه‌ كابرای سه‌رپێچیكار و تاوانبار چۆن زانی خــوای گــه‌وره‌ سه‌رپێـچی و تــاوانی له‌ســه‌ر نووسـیوه‌ تـاكو ئـه‌نجامی بـدات ؟ ئایـا نـاكرێ گوێڕایه‌ڵی و چاكه‌ی له‌سه‌ر نووسی بێت ؟ ئه‌ی باشه‌ بۆ له‌ جیاتی سه‌رپێچی و تاوان ، چاكه‌ و گوێڕایه‌ڵی ناكات و بڵێت : خوای گه‌وره‌ چاكه‌ و گوێڕایه‌ڵی له‌سه‌ر نووسیوم ؟

سه‌رچاوه‌ ( من مشكلات الشباب : ابن عثيمين )

وه‌رگێڕانی : إدريس محمود.سلێمانی.ك.یاسا



## (مێژوو) و شێواندنی ڕووی گەشی ئیسلام

**مێژوو سونبولی سەربەرزی و سەرکزی گەلانە**

**( بەشی دووەم )**

دوای ئەو پێشەکیەی کە لە بەشی یەکەمی ئەم باسە خرایە ڕوو بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا مێژوو سونبولی سەربەرزی و سەرکزی گەلانە ، بۆیە دەستبردن بۆ لەکەدارکردنی مێژوو وئەوانەی کە مێژوویەکیان دروستکردووە ، گەلێك مەترسیدارە ، چونکە کەرامەت و شەرافەتی مللەتێکە بە سەرتاپایەوە .

دیارە دوژمنانی ئیسلام لە ڕۆژهەلاّتناسان و ناحەزان و دوژمنان و دەغەڵەکان هەر زوو درکیان بەو گرنگیە کردووە بۆیە وەکو گورگی برسی بەربونەتە لاشەی پاك و پیرۆزی ئیسلام و موسوڵمانان ، ومێژووەکەیانیان بەو شێوەی کە ئەمان خۆیان ویستویانە داڕشتۆتەوە ، و بە ئەمانەتەوە نەیانگواستۆتەوە [2] ، وە هەرچی لەگەڵ حەزیان گونجاو بووبێت و ناشیرینکردن و شێواندنی ڕووی گەش و درەوشاوە ئیسلامی تێدا بووبێت نووسیویانەتەوە ، ئیتر ئەو شتە هەڵبەستراوی خودی خۆیان بێ ، یان هی کۆمەڵێ دەم هەڵبەست و لاواز و ناحەز و موغریز ، جا هاودەم و نویێ بن ئەوانە یان لە زبڵدانی مێژوودا بن و کۆن بن .

بۆیە بەڕاستی مێژووی موسوڵمانان پێویستی بە نوسینەوەیەکی سەرلەنوێ هەیە ، بە وەرگرتنی لە سەرچاوە پاك و پوختەکانیەوە . بە تایبەتتر لەو جێگایانەی کە مێژوو نوسە ناموسڵمانە هەواڵ هەڵبەستەکان نوسیویانەتەوە ، لە کاتێکدا دەزانین کە ئوممەتی ئیسلامیمان دەوڵەمەندترین ئوممەتە بە ناوەڕۆکی مێژووەکەی و هەمووی بە سەنەدی جێگیر بوو وسەلمێنراو لە لەناوچون پاراستووە .

بەڕاستی مێژوونووسانی پێشینە چاکەکانمان دەست پێشخەریان کرد درکیان بەو مەترسیە کرد، ئەوەبوو پێش لەناوچونی ئەو هەواڵانە فریاکەوتن و پاراستیان . هەر هەواڵێك کە پێیان گەیشت نووسیانەوە بە صەحیح و زەعیفەوە ، لەگەڵ ئاماژەکردن بە سەرچاوەی هەواڵەکە و ناوی هەواڵ خوانەکانی ، بۆ ئەوەی خوێنەر لەبەرچاو ڕۆشنی دا بێت لە ئاست ڕاستی و ناڕاستی ئەو هەواڵانە .

ئێستاش نۆرەی ئێمەی پاشین ( خلف )ە کە شوێن پێی پێشینە چاکەکانمان هەڵگرین و ئەو کتێبانە بپاڵێوین و ڕاست و ناڕاستەکانی و باش و خراپەکانی لەیەکتر جیاکەینەوە ، هەتا بەمە ببینە باشترین پاشین بۆ باشترین پێشین ، تا هەموو بزانن کە لاپەڕەکانی مێژووی موسڵمانان بێ وێنە بووە و کەم وێنەش ئەبێت .

بەڕاستی ئوممەتی ئیسلامی وای لێهاتووە بێ بەش بووە لە زۆرترین چاوگەکانی هێزی خۆی ، کە بریتییە لە باوەڕبوون بە مەزنێتی ڕابردووی ، لە کاتێکدا ئەم ئوممەتە لە نەوەی پێشینێکن هەرگیزا و هەرگیز مێژوو ژیاننامەی لەوان پاکتر و درەخشانتر و گەشاوەتری بەخۆوە نەبینیووە .

ئەو کەسەشی دەیەوێ لەبارەی مێژووەوە بنوسێت ، ئەوا ئەبێت لە ئاست خاوەن هەق و ڕاستیدا بە ویژدان و سینە ساف بێت ، شارەزایان بێت و شارەزای مافەکانیان بێت ، وە لێهاتوو کارامە بێت لە جیاکردنەوەی هەواڵخوانەکان و دروستی و نادروستی هەواڵەکاندا ، دەستپاك و ڕاستگۆ بێ و بەدوای ڕاستیەکاندا بگەڕێت .

**م . علی محمد علی . کۆمەڵایەتی**

---

[2] نەوەك مامۆستا مارف خەزنەدار ئەڵێ : کە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان زیاتر جێی متمانەن !

## کۆرپەلە زانی
## لەژێر ڕووناکی قورئان و سوننەت
### ( بەشی دووەم )

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ، أما بعد :

دووەم قۆناغی کۆرپەلە ( علقة ) یە ، کە بەواتای هەڵواسراو دێت . ئەم قۆناغە لە ڕۆژی ( ١٥ ) هەمی یەکگرتنی ( تۆو ) و ( هێلکە ) دەست پێدەکات وە لە ڕۆژی ( ٢٣ یان ٢٤ ) تەواو دەبێت کە کۆرپە لە شێوەی کرمێکی هەڵواسراو دەبێت و لە ئاودا دەژی ، بەدیواری منداڵدانەوە بەهۆی شریتی یەکەمی هەڵدەواسرێت ، ئەوەی جێگەی سەرنجە گۆڕانی ( نطفة ) یە بۆ ( علقة ) پێویستی بە ( ١٠ ) ڕۆژ زیاتر هەیە ، هەر لەبەر ئەمە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەم ماوە زۆرە دەکات بەوشەی ( ثُــمَّ ) کە لەزمانی عەرەبی بەکاردێت بۆ ڕیزکردنی دوو ڕووداو کە ماوەیەکی زۆر لە نێوانیان هەبێت بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً ﴾ ( سورة المؤمنون : ١٤) ، ئینجا گۆڕانێکی خێرا ڕوودەدات لە ( علقة ) وە بۆ ( مضغة ) واتا ( جوینراو یان گۆشت پارە ) لە ماوەی دوو ڕۆژدا لەڕۆژی ( ٢٤ بۆ ٢٦ ) بۆیە قورئان وەصفی ئەم گۆڕانە خێرایەمان بۆ دەکات بەبەکارهێنانی پیتی ( ف ) کە بەکاردێت بۆ دوو ڕووداوی خێرا ﴿ فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً ﴾ بۆیە تەنانەت لە بەکارهێنانی پیتەکان لە ئایەتەکە ئیعجازی قورئانی پیشان دەدات ، لەم قۆناغە هەندێک لەشە بارستە (somites) لەبەشی سەرووی کۆرپەلە دروست دەبێت و پاشان بەرەبەرە لەشە بارستە لەبەشی خوارەوە دەردەکەون ، لە ڕۆژی (٢٨) دا کۆرپەلە پێکدێت لەچەند بەرزی و نزمیەک ، کە لەهەندێک شوێن دەرپەڕیوە لەشوێنی تر بەناوداچووە . کە شێوەی ( بنێشتێك ) یان پارویەکی جوینراو وەردەگرێت . هەروەها لەبارەی ئەو ڕاستیە سەلمێنراوە کە کۆرپەلە لەماوەی (٤٠) ڕۆژدا هەموو ئەندامەکانی بۆ دروست دەبن بەڵام بەسادەیی ، فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ ئەم ڕاستیە باس دەکات ، عن عبدالله بن مسعود رضي الله عنه قال النبي ﷺ " إن أَحَدَكم يجمَع خَلقَهُ في بَطن أُمّه أربَعين يَوماً " ( رواه البخاري ومسلم ) . واتە : هەریەکە لەئێوە لەماوەی ( ٤٠ ) ڕۆژدا لەسکی دایکیدا هەموو ئەندامەکانی دروست دەبن ، لەم قۆناغە ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە هەندێك ئەندام پێش ئەوانی تر دروست دەبن بۆ نموونە ( چاو و زمان ) لە هەفتەی ( ٤ ) ەم پێش (لێوەکان) لە هەفتەی (٥) ەم دروست دەبن ، بۆیە قورئانی پیرۆز چاو زمان پێش لێوەکان باس دەکات دەفەرموویت : ﴿ أَلَمْ نَجعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴾ ( سورة البلد : ٨ – ٩ ) کێ هەموو ئەم ڕاستیانەی بە محمد ﷺ ووت ؟ ئایا خۆشەویستمان ئامێری شیکاری و پێوانەیی و مایکرۆسکوبی هەبوو بۆ ئەوەی بەجوانترین شێوە باسی کۆرپەلەمان بۆ بکات کە درێژییەکەی ناگاتە ( ١ ) سم !!؟ ئەوە ﴿ الله ﴾ ی تاك و تەنیایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە کە ئەو ڕاستیانەی پێگەیاندووە .

**کاروان حمه باقی : ز . سلێمانی . پ . عربی .**



## خشوع لە نوێژدا

خشوع لە نوێژدا یەکێکە لەو هۆکارانەی کە مرۆڤی باوەڕدار لە سزا و ناڕەحەتیەکانی دۆزەخ و ڕۆژی دوای ڕزگار دەکات ، خوای گەورە ئەفەرموێت : ﴿ قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ ﴾ ( المؤمنون : ١ ــ ٢ ) ، ئەمەش پلەو پایەیەکی گەورەیە ، بە ئاسانی بەدەست نایەت ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : " اللهم إني أعوذ بك من أربع ، من علم لا ينفع و من قلب لا يخشع و من نفس لا تشبع و من دعاء لا يسمع " ( رواه أبوداود و صححه الألباني ) ، واتە : خودایا پەنا بە تۆ دەگرم لە چوار شت ، لە زانستێك کەو سودی نەبێت وە لە دڵێك بوٚت مل کەچ نەبێت ، وە لە نەفسێك کە تێرنەبێت وە لە دوعایەك کە وەڵامی نەبێت . خشوع کارێکی پەنهانە و پەیوەندی بە جەستەوەنیە . خشوع حوکمی واجبە لە نوێژدا و هۆی بەختەوەری دونیا و دوا ڕۆژیشە ، وە گرنگترین دوو سەرچاوە کە مرۆڤ والێدەکات کە خشوعی نوێژی لە دەست بدات ، سەرقاڵبوون بە دونیا و وەسوەسەی شەیتانە ، وە بۆ ئەوەی کە خۆمان لەو شتانە بەدوور بگرین وخودا لە خۆمان ڕازی بکەین و نوێژەکانمان بە باشی دابمەزرێنین و پاداشتی زۆری لەسەر وەرگرین ، ئەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەین :

١ . شۆردنی دەست نوێژێکی تەواو و خوێندنی زیکری دوای دەست نوێژ ، وەڵامدانەوەی بانگ بێژ و خوێندنی زیکری دوای بانگ .

٢. ئەنجامدانی نوێژەکان بە کۆمەڵ لەگەڵ موسوڵمانانداا لە مزگەوت .

٣ . هەست کردن بە گەورەیی ئەو زاتە موقەدەسەی کە لە خزمەتیدا وەستاوی و ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵدا دەکەیت .

٤ . لادانی ئەو شتانەی کە مرۆڤ لە کاتی نوێژدا سەرقاڵ دەکەن وەك قوماشی ڕەنگاوڕەنگ لە شوێنی کڕنوش بردن و کاتی ئامادەیی خوانی نانخواردن و کاتی تەنگەتاو بوون .

٥ . سەیر کردنی شوێنی سوژدە بردن و چاونەگێڕان بەملاولادا .

٦. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و وردبوونەوە لە مانای ئەو ئایەت و زیکر و دوعایانەی کە لە نوێژدا دەخوێنرێن .

٧ . بە جێهێنانی هەموو ئەرك و واجبەکانی نوێژ وەك چۆن لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ڕیوایەت کراون .

٨ . بیرکردنەوە لە مردن ، پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : " اذكر الموت في صلاتك ، فإن الرجل إذا ذكر الموت في صلاته لحري أن يحسن صلاته ، و صل صلاة رجل لا يظن أن يصلي صلات غيرها " ( الصحيحة : ٢٨٣٩ ) ، واتە : لە نوێژەکاندا بیر لە مردن بکەرەوە چونکە مرۆڤ ئەگەر بیری لە مردن کردەوە نزیکتر و ئەولاترە کە نوێژەکەی بەباشی ئەنجام بدات ، وە نوێژ بکە وەك ئەوەی ئەو نوێژە دوایین نوێژتە .

**سۆلاف:ی. پزیشك**

زانای پایەبەرز (**محمد بن صالح العثيمين**) سەبارەت بە ڕۆژی ( ڤالنتاین ) ئەڵێت : جەژن گێڕان لە ڕۆژی ( ڤالنتاین ) دروست نیە لەبەر دوو هۆ :

یەکەم / جەژنەکە بیدعەیە و هیچ بنەوایەکی لە شەریعەتی ئیسلامدا نیە .

دووەم / بانگەشە ئەکات بۆ پەیوەست بوون و سەرقاڵ بوونی دڵەکان بەم شێوە کردەوە پوچانەی کە پێچەوانەی پەیڕەوی هاوەڵانە ، بۆیە دروست نیە هیچ لەدروشمەکانی ئەو ڕۆژە زیندوو بکرێتەوە چ لە خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و دیاری بەخشین و .... هتد

## ڤالنتاین وهەڵوێستی موسڵمانان ؟

بەدەنگەوەچونی موسڵمانان بۆ جەژن ویادو داب ونەریتی گاورو خاچ پەرستان و بت پەرستان بەنسبەت ئەوانەی کەشارەزای قورئان وفەرمودەکانی پێغەمبەری خوان ﷺ شتێکی لەناکاوو چاوەڕواننەکراو نیە ، بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ چەندین سەدە پێش ئێستا هەواڵی ئەم ڕۆژەو ئەوکارەی موسڵمانانی پێداوین لەفەرمودەیەکدا کەدەفەرمێت : " لتتبعن سنن الذين من قبلكم ، شبرا بشبر ، أو ذراعا بذراع ، حتى لوسلكوا جحر ضب لسلكتموه ، قالوا : اليهود والنصارى ؟ قال : فمن ؟ " ( متفق عليه ) واتە : ئەی موسڵمانان ئێوە بەدڵنیاییەوە شوێن هەنگاوی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون ، بست بەبست ، و باڵ بەباڵ ، هەتا ئەگەر ئەوان بڕۆنە کونی بزنمژەکێکەوە ئێوەش بەدوایاندا دەڕۆن : هاوەڵەکان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ : مەبەستت گاورو خاچ پەرستانە ؟ ئەویش وتی : ئەی کێ ؟ واتە مەبەستم ئەوانە ، ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێداوین ئێستا ڕویداوە کە دەبینین موسڵمانان چۆن شوێن داب و نەریتی گاورو خاچ پەرستان کەوتوون ، بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایدا بەهۆی زۆری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن گەنجانمان بەکوڕو کچەوە بەشداریکردن لەم کارە ناشەرعیانە بووەتە دیاردەیەك لەلایان ، ئەو دیاردەیەش مژدەدەر نیە و زۆر ترسناکە ، بۆیە پێویستە گەنجانمان بەکچ و کوڕەوە شوێن کەوتنی کوێرانە نەکەنە بەرنامەی ژیانیان ، و بەتەرازووی ئیسلام ئەوکارو کردەوانە بپێون کەدەیانەوێت ئەنجامی بدەن بزانە تاچەند شەریعەتی پاك و بێگەرد دانی پێدا دەنێت و بەڕەوای دادەنێت ، مەبەستی سەرەکی نوسینەکەشم ئەوەیە کە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا ڕۆژێك دیاریکراوە بەناوی جەژنی خۆشەویستی ( ڤالنتاین ) ، هەر لە ئێستاشەوە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و گەنجانمان جۆرە خۆئامادەکردنێکیان پێوە دیارە بۆئەو ڕۆژە ، دیارە من لێرەدا نامەوێت لەسەر لایەنی مێژوویی ئەو ڕۆژەو چیرۆکەکەی بدوێم ، بەڵکو زیاتر تیشك دەخەمە سەرلایەنی شەرعی ئەو بابەتە بۆ پاراستنی بیروباوەڕی خوشك و برا هاودینەکانم لەو کارانەی کە بەهۆیانەوە ڕەزامەندی خوای پێ لەدەستدەدرێت و لەبەرامبەریشدا توڕەبونی خوا جێگەی دەگرێتەوە .

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێت کەئایا بۆچی ئێمەی موسڵمان بەشداری نەکەین لەم ڕۆژەدا ؟ ئەم پرسارە لەچەندین ڕووەوە وەڵامەکەی دەخەینە ڕوو بۆ ئەوانەی کەئەو پرسیارە دەکەن بۆ ئەوەی وەڵامێکیان دەستبکەوێت کەدڵ پێی ئارام بگرێت ، نەك ئەوانەی کەدەیانەوێت لەڕێگەی ئەو جۆرە پرسیارانەوە گومان لەلای کەسانی تر دروست بکەن بەبێ ئەوەی گوێ بۆ وەڵام بگرن :

١ . جەژن لەئاینی ئیسلامدا دیاریکراوە ونەگۆڕە نەکەمکردنەوە قبوڵ دەکات نەزیادکردن ئەویش جەژنی ( ڕەمەزان و قوربانە ) وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت : " إن لكل قوم عيدا وهذا عيدنا " ( متفق عليه ) ، کەواتە ڤالنتاین تایبەت نیە بەموسڵمانانەوە و هیچ مۆرکێکی ئیسلامی و شەرعی پێوە نیەو یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی خاچ پەرست و ڕۆمانە بت پەرستەکان .

٢ . ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی ڕۆژی ڤالنتاین خۆشوبهاندنی تێدایە بەڕۆمانە بت پەرستەکان لەلایەك و خاچ پەرستەکان لەلایەکی ترەوە ، ئەوەشیان کە شیرینە لەویتریان تاڵترە ، ئەم خۆشوبهاندنەش بەچەندین بەڵگە لەسەرچاوە جیاجیاکانی ئیسلامەوە حەڕام کراوە لەسەر موسڵمانان ، ئێمە لێرەدا تەنها بەڵگەی قورئان و سونەت باسدەکەین ئەوەش بەسە بۆکەسێك کەبەدوای ڕاستیدا بگەڕێت وەکو زانای پایەبەرز شێخ

ئەلبانی دەفەرمێت : (( طالب الحق يكفية دليل واحد ، أما صاحب الهوى لايكفية ألف دليل )) لە قورئاندا خوای گەورە دەفەرمێت : ﴿ وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ ﴾ (آل عمران : ١٠٥) وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویێت : " من تشبة بقوم فهو منهم " ( صحيح ) هەرکەسێك خۆی بشوبهێنێت بەکۆمەڵێك ئەوا لەوانە .

٣ . ئەوخۆشەویستیەی کە لە ڤالنتایندا ویستراوە بریتیە لەتەسك کردنەوەی مانای خۆشەویستی تەنها لەنێوان کچان و کوڕان و لەدەرەوەی چواچێوەی هاوسەرگیری ، کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ بڵاوبونەوەی کاری بەدڕەوشتی و زیناو خستنەوەی منداڵی بێباوك و ... هتد ، سەرەنجامەکەشی توڕەبونی خواو نەمانی شتێك بەناوی شەرمەوە و تێکچونی شیرازەی خێزان وچوونە نێو ژیانێك هاوشێوەی ژیانی ئاژەڵ ، ئەوروپاش بەڵگەی زیندوی ئەو ڕاستیانەیە .

٤ . مەبەستێکی تر لە ڤالنتاین بریتیە لەبڵاوبونەوەی خۆشەویستی لەنێوان باوەڕدارو بێباوەڕان ، واتە خۆشویستنی کافران و بێباوەڕان لەلایەن موسڵمانانەوە ، کەئەمەش پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەو موسڵمانە یەکخوا پەرستەیە کە پێغەمبەر ﷺ بەرابەری خۆی بزانێت وەکو خوای گەورە دەفەمێت : ﴿ لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ﴾ ( المجادلة : ٢٢ ) ، وە مەبەستیشمان لێرەدا ئەوەنیە کەموسڵمانان بێبەشبکەین لەخۆشویستنیان بۆ یەکتر ، بەڵکو بەپێچەوانەوە هیچ بەرنامەیەك نەبووەو نیەو نابێت کە ئەوەندەی ئیسلام هانی پەیڕەوکارانی بدات بۆ بەرپاکردنی خۆشەویستی لەنێوان خۆیاندا نەك تەنها لەیەك ڕۆژو تەنها لەنێوان کچان وکوڕان وەکو ڤالنتاین ، بەڵکو لەهەموو کات وساتێك و لەنێو سەرجەم چینی موسڵماناندا لەهەموو شوێنێکدا وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت : " إذا أحب الرجل أخاه فليخبره أنه يحبه " ( صحيح سنن أبي داود : ٥١٢٤ ) واتە : هەرکەسێك براکەی خۆی خۆشەویست با پێی بڵێت کەخۆشیدەوێت ، بەوەشەوە ناوەستێت بەڵکو ڕۆشتنە بەهەشتی ئیمانداران دەبەستێتەوە بەخۆشەویستیان بۆیەکتر وەکو دەفەرمێت: " لا تدخلوا الجنة حتى تؤمنوا ، ولا تؤمنوا حتى تحابوا ، ألا أدلكم على شيئ إذا فعلتموة تحاببتم ، أفشوا السلام بينكم " ( صحيح سنن أبي داود : ٥١٣٩ ) ، پاش بەرچاو ڕونیمان بۆئەو بەڵگانەی کەلەپێشەوە باسکران دەپرسین ئایا هەڵوێستی ئیمەی موسڵمان چۆن بێت لەمەڕ ئەم جۆرە جەژن ویادانە ؟ ئەگەر موسڵمان بین بەو مانایەی کەتەسلیمی بەڵگە شەرعیەکان بین دەبێت هەڵویستمان بەم شێوەیە بێت :

١ . ئاهەنگ نەگێڕان و بەشداری نەکردن لەڕۆژی ڤالنتاین تەنانەت ئەگەر بەدڵخۆشبوون یان نامەیەکی مۆبایلیش بێت .

٢ . هاوکارینەکردنی ئەوانەی بەشداری ئاهەنگ گێڕانی جەژن ویادە ناشەرعیەکان دەکەن لەوانەش (ڤالنتاین) ، لەبەرئەوەی دروشمێکە لەدروشمەکانی بێباوەڕان ، بۆیە هاوکاریکردنیان و بێدەنگ بوون بەرامبەر ئەم جەژنە بەناوخۆشەویستیە یارمەتیدانە بۆ دەرکەتنی کفرو بێباوەڕی و بەرز ڕاگرتنی ، نەك هەرئەوەندە بەڵکو پێویستە إنکاریشیان لێبکرێت .

٣ . ئاگادارکردنەوەی موسڵمانان لەوەی کەنابێت ئەم ڕۆژە بەچاوێکی پیرۆزو جیا لەڕۆژانی تر تەماشا بکرێت ، چونکە ئەوەش خۆی لەخۆیدا بەرز ڕاگرتنی ئەو ڕۆژەو بەشداریکردنە تیایدا . پ.أحمد محمد



## ئاگاداركردنەوە لە تانەدان لە هاوەڵان ﵃

الحمد لله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده ، أما بعد : فێرخوازانی خۆشەویست دەمانەوێ لەم بلاوكراوە بە سوودەدا . خوای پەروەردگار سەرپەرشتیارانی سەركەوتوكا لە دونیا ودواڕۆژدا . باسی ترسناكی تاوانی بێئەدەبی بكەین بەرامبەر بە هاوەڵان ، بەڵكو پەروەردگار ئێمەش بەشداربكات لە خزمەتكردنی كۆمەڵگەی موسڵمانمان ، جا بۆیە دەڵێن : برای خۆشەویست . خوای گەورە سەربەرزت بكات . ، بەڕاستی تانە دان لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ، تانەیە لە ئیسلام ، ولە پەیامبەری ئیسلام ﷺ ، ولەو قورئانەش كە دابەزیوەتە سەری ﷺ . بۆیە تانەیە لە ئیسلام ، چونكە بەڕاستی هاوەڵان ناوەند وهۆكار بوون بۆ گەیشتنی ئیسلام بە ئێمە ، وە تانەدان لە ناوەند و هۆكار ، تانە دانە لە ئیسلام ، وسوكایەتیش بە گوێزەرەوە (ناقل) ، سوكایەتیە ، بە گوازراوە (المنقول) . وە بۆیەش تانە لە هاوەڵان ، تانەیە لە قورئان ، چونكە قورئان پاش تۆمەت باركردنیان ، سەنای كردون وباسی چاكەیانی كردووە ، بۆیە تانە لێدانیان دەبێتە هۆی بەدرۆخستنەوەی ئەو ئایەتانەی كەباسی چاكەی ئەوانی كردووە ﵃ ، وەكو خودای گەورە دەفەرموویێت : ﴿ وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ ( سورة التوبة : ١٠٠ ) ، واتە : موسوڵمانانی پێشین لە كۆچكردوو و پشتیوانان ( واتە : سەلەفی صالح ) وە هەروەها ئەوانەی كە شوێنیان كەوتون بەباشی ، پەروەردگار ڕازی بووە لێیان ، وئەوانیش ڕازی بوون لێی ، وبەهەشتانێكی بۆ ئامادە كردوون كە ڕووباری زۆریان بەژێردا دەڕوات ، وبەبەردەوامی تێیدا دەمێننەوە ، وە ئەوە سەرفرازی مەزنە .. ، چۆن دەگونجێت ئەو سەناو سەر فرازیە گەورەیە ، بۆ گەلێك كە خیانەتكار بووبن ، لەخوا وپێغەمبەری خوا ﷺ ، وەك هەندێك نەزان وەسفیان دەكەن . وە بۆیەش تانەیە لەپێغەمبەر ﷺ ، چونكە ئەوە مانای وایە ، كە پێغەمبەر ﷺ ، نەیتوانیوە هاوەڵانێكی باش بۆخۆی هەڵبژێرێ ، وكاریگەری باشەشی ببێ بەسەریانەوە ، وە ئەمەش بەدرۆخستنەوەی ئەو پێغەمبەرەیە ﷺ كە فەزڵی ئەو هاوەڵانەی ڕون كردۆتەوە ، وئاگاداری كردوونەتەوە لە ئەزیەت دانیان .

هەروەك فەرموویەتی : جنێو بە هاوەڵانم مەدەن ، جنێو بەهاوەڵانم مەدەن ، سوێند بێت بەوەی كە گیانی منی بەدەستە ، ئەگەر یەكێك لە ئێوە بەقەد شاخی ئوحود زێڕ ببەخشێ ناگاتە مشتێكی ئەوان وناگاتە نیو مشتیشیان (متفق عليه) .

وە فەرمویەتی : لەعنەتی خودا لەو كەسەی جنێو بە هاوەڵانم دەدات ( صحيح الجامع : ٥١١١ ) .

وە فەرمویەتی : ئەگەر باسی هاوەڵانم كرا خۆتان بگرنەوە . قسەیان لەسەر مەكەن بە خراپە . ( سلسلة الأحاديث الصحيحة : ٣٤ ) .

وەفەرمویەتی: ئەبو بەكر لەبەهەشتە ، و عوسمان لەبەهەشتە ، وطلحة لەبەهەشتە ، و زوبەیر لەبەهەشتە ، وعبدالحمن لەبەهەشتە ، و سەعد لەبەهەشتە ، وسەعید لەبەهەشتە ، وئەبو عوبەیدە ی كوڕی جەڕراح لەبەهەشتە ( صحيح الجامع : ٤٠١٠ ) .

هەڵبەت ئەو فەرمودەیە كە هاتوە بۆ پیشاندنی فەزڵ و گەورەییانە . وەكاتێك كە گوترا بە عائشە ڕەزای خوای لەسەر بێ : ئەی دایكی ئیمان داران خەڵكانێك كەوتونەتە باسی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، تاكەوتنە باسی ئەبو بەكر و عومەریش ﵄ ، ئەویش فەرمووی : ئەوان كردەوەكانیان پچڕاوە . بە وەفات كردنیان . خوای تەعالاش ویستی پاداشتیان هەر بەردەوام بێت دوای وەفاتیشیان .

( ابن الجوزي ) دەفەر موێت : بەڕاستی كەسێك سەنگ و گەورەی هاوەڵان دەزانێت ، كە

تێبفکرێت لە حاڵ و باڵیان ، و لە ژیانیان ، و شوێندەستیان لە ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و لەدوای مردنیشی ، و لە پێش برکێ کردنیان بۆ ئیمان ، و کۆشش کردنیان لە دژی دوژمنانی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، ئەگەر ئەوان نەبونایە ، هیچ شتێك لەم دینە بەئێمە نەدەگەیشت ، نە شتە بنچینەییەکان و نەشتەلاوە کیەکانیش . وە نەمان دەتوانی هیچ شتێك لەم شەریعەتە هەڵگرین ، نە سوننەت ونە فەرزەکانی . وە هیچ شتێکیشمان نەدەزانی لە فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ ، وهەواڵەکانی وژیان وشوێنەوارەکەی ﷺ . بۆیە هەرکەسێك تانەیان لێبدا وجنێویان پێبدات ، لەدین ومیللەتی موسڵمانان ناژمێردرێت ، و دەردەچێت . پەنا بەخوا . .

جهاد قادر ك.زمان عەرەبی.قەڵادزێ

## ڕق لێبوون لەبەر خودا

یەکێك لەبنەما گرنگەکانی بیروباوەڕی موسڵمان بریتی یە لەڕق لێبوون و خۆشویستن لەبەرخودا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : " من أحب لله وأبغض لله ومنع لله فقد استكمل الإيمان " ( الصحيحة : ٣٨٠ ) ، واتە : هەر کەسێك خۆش ویستن و ڕق لێبوون و بەخشین و گرتنەوەی لەبەرخودا بێت ئەوە باوەڕی کامڵ و تەواوە ، جا بەر چاو ڕوونی موسڵمانان بەگشتی و ئێوەی ڕۆشنفکر بەتایبەتی بەم بنەما جەوهەریەی ئیسلام لەدونیای ئەمرۆدا کارێکی پێویست و گرنگە،لە هەرکوێی ئەم دونیایە خوێنێك بەناحەق برێژرێت گوماندەکرێت خوێنی موسڵمان بێت لەبەرئەوەی دوژمنانی ئیسلام لە جوولەکە و خاچ پەرستان و دارو دەستەکانیان بەردەوام لە بۆسەدان و پلان دادەڕێژن بۆ ڕیشەکێش کردنی ئیسلام و موسڵمانان بەردەوامیش ڕاگەیاندنەکانیان لایەنی لاوازو ستەم لێکراوی هاوکێشەکە کە موسڵمانانن بەتاوانبار و تیرۆریست و دواکەوت و پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ لە قەڵەم دەدەن ، لە هەموو کێشەکانی جیهانی ئیسلام ( ئیسرائیل و فەلەستین ، هیند و پاکستان ، ڕوسیا و چیچان ، ئەسوبیا و صۆماڵ ، صرب و کۆسۆڤا ، فلیپین و نەیجریا ... هتد ) موسڵمانان بەناحەق زۆر دڕندانە قەتڵ و عام دەکرێن ، کوا ئەو مافی مرۆڤەی کە شارستانیەتی مادە پەرستی ڕۆژئاوا بانگهێشتی بۆ دەکات ؟!!

جوولەکە بەدرێژای مێژوو دوژمنی سەرسەختی ئیسلام بوون خودا دەفەرموێت : ﴿ لَتجدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا اليَهُودَ والَّذِينَ أَشرَكُوا ﴾ ( المائدة : ٨٢ ) ، واتە : ئەبینیت ئەوانەی کە دوژمنی سەرسەختی باوەڕدارانن جوولەکەکان و ئەوانەی کە هاوەڵ بۆ خودا بڕیار ئەدەن ) وە دەفەرموێت : ﴿ وَلَن تَرضَى عَنكَ اليَهُودُ ولاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُم ﴾ ( البقرة : ١٢٠ ) ، واتە : جوولەکە وگاورەکان لێت ڕازی نابن هەتا واز لە ئاینەکەت نەهێنیت وشوێنیان نەکەویت . وە هەوڵیان داوە هەر لەسەرەتاوە پێغەمبەر ﷺ بکوژن بە بەردانەوەی بەردێکی گەورە لەسەربانی خانوویەك دایان نابوو کە لەسێبەرەکەیدا دانیشت بوو، وە جارێکی تر دەعوەتی دەکەن بۆ نان خواردنێك نانەکە ژەهراوی دەکەن وئەبێتە هۆی کوشتنی هاوەڵێك لەئەنجامدا پێغەمبەر ﷺ وئەبوبەکریش بەکاریگەری ئەو ژەهرە دەمرن ، کەوا بوو هەر لەمێژەوە جولەکە بەبکوژانی پێغەمبەران وپیاو چاکان ناوبانگیان دەرکردووە ، لەبەر ئەوە پێویستە موسڵمانان دۆست ودوژمنی خۆیان بناسن وبزانن جوولەکە کیانێکە لەسەر بنەمای ئایین دامەزراوە ، زۆر گەل وهۆزی دونیا لەبونیاتنانی قەوارەی زایۆنیدا بونیان هەیە ، وەخاچ پەرستەکانیش جگە لەدەوڵەتی ڕوحی فاتیکان ئاڵای زۆربەی وولاتەکانیان خاچێکی پێوەیە کەهێمایە بۆ ئاینی بونی دەوڵەتەکەیان ، وە لە هەر کوێیەك جوویەك یان فەڵەیەك ئازاری پێبگات دونیا لەسەری بەقاڵدێن ، کەچی بۆ موسڵمانان بەڕەوای نابینن لەگەڵ یەکدی نەك هاوکاربن بەڵکو تەنها هاوخەمیش بن .

م . عثمان أحمد . بیرکاری

## دیارده‌كانی ده‌ستگرتن به‌ قورئانی پیرۆزه‌وه

**( به‌شی یه‌كه‌م )**

**یه‌كه‌م : باوه‌ڕ هێنان به‌ قورئانی پیرۆز :**

✍ له‌ گرنگترین پێویستیه‌كانی ئه‌م باوه‌ڕهێنانه‌ باوه‌ڕبوونی ته‌واوه‌ به‌وه‌ی كه‌ . بێ ئه‌وه‌ی هیچ گومانێكی تێكه‌ڵ بێت . ئه‌م قورئانه‌ پیرۆزه‌ گوفتاری خوای گه‌وره‌یه‌ ، ونیگای ئه‌وه‌ بۆ پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی ﷺ : بۆ بانگه‌شه‌كردنی هه‌موو خه‌ڵكی بۆ لای خوا ، هه‌روه‌كو چۆن خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت : ﴿ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لِأُنْذِرَكُمْ بِهِ وَمَنْ بَلَغَ ﴾ ( الأنعام : ١٩ ) ، واته‌ : خوای گه‌وره‌ ئه‌م قورئانه‌ی بۆ ناردووم بۆ ئه‌وه‌ی ئاگادارتان بكه‌مه‌وه‌ له‌ توندی سزای خودا ئێوه‌ وئه‌وانه‌ش له‌ دوای ئێوه‌وه‌ دێن تا ڕۆژی دوایی .

✍ هه‌روه‌ها له‌ پێویستیه‌كانی باوه‌ڕهێنان به‌ قورئانی پیرۆز باوه‌ڕێكی ته‌واوه‌ به‌ هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی تیایدا هاتووه‌ ، وه‌ باوه‌ڕت هه‌بێت كه‌ هه‌مووی ڕاست و دروستن ، وه‌ك چۆن خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت : ﴿ وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ فَيُؤْمِنُوا بِهِ فَتُخْبِتَ لَهُ قُلُوبُهُمْ وَإِنَّ اللَّهَ لَهَادِي الَّذِينَ آمَنُوا إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾ .

( البیضاوي ) له‌ ڕاڤه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌دا ده‌ڵێت : ﴿ وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی بزانن كه‌ ته‌نها ئه‌م قورئانه‌یه‌ كه‌ حه‌ق و ڕاستیه‌ ودابه‌زێنراوه‌ له‌لایه‌ن خوداوه‌ ، ﴿ فَيُؤْمِنُوا بِهِ ﴾ وه‌ باوه‌ڕ بهێنن به‌ قورئان یان به‌ خودا ، و ﴿ فَتُخْبِتَ لَهُ قُلُوبُهُمْ ﴾ وه‌ دڵه‌كانیان كزۆڵ ده‌بێت به‌ پابه‌ندبوون به‌ فه‌رمانه‌كانی و له‌خواترسان ، وه‌ ﴿ وَإِنَّ اللَّهَ لَهَادِي الَّذِينَ آمَنُوا إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾ به‌ڕاستی خوای گه‌وره‌ ڕێنموویی ئیمانداران ده‌كات بۆ ئه‌و ئایه‌تانه‌ی كه‌ زیاتر له‌ واتایه‌ك هه‌ڵده‌گرێت ، ﴿ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾ بۆ سه‌ر ڕاسته‌ شه‌قامی ئیسلام ، كه‌ ئه‌ویش بۆچوونی ڕاست ودروسته‌ كه‌ ده‌یانگه‌یه‌نیته‌ ئه‌و شته‌ی كه‌ ڕاست و حه‌قه‌ له‌م مه‌سه‌له‌یه‌دا .

✍ هه‌روه‌ها له‌ پێویستیه‌كانی ئه‌م باوه‌ڕ هێنانه‌ ، باوه‌ڕ هێنانه‌ به‌ ( متشابه‌ ) ی قورئان ، خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت : ﴿ هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ ﴾ ( آل عمران : ٧ ) .

( الحافظ ابن كثیر ) . ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێت . له‌ ڕاڤه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌دا ده‌فه‌رموێت : خوای گه‌وره‌ پێمان ڕاده‌گه‌یه‌نێت كه‌ له‌ قورئاندا : ﴿ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ ﴾ ئایه‌تی مانا ڕوون وئاشكرا هه‌ن لای هه‌موو كه‌سێك ئه‌وانه‌ بنچینه‌ و بناغه‌ی قورئانن ، وهه‌ندێكی تریشیان ( متشابه‌ ) واتای جۆراوجۆر هه‌ڵده‌گرن وبه‌ ئاسانی هه‌موو كه‌س نایزانێت ، بۆیه‌ هه‌ر كه‌سێك ئه‌وه‌ی كه‌ ( متشابه‌ ) . واته‌ : مانا ڕوون ئاشكرا نین . گه‌ڕانده‌وه‌ بۆ لای ئه‌و ئایه‌تانه‌ی كه‌ ئاشكرا و واتا ڕوونن ، و( محكم )ی كرد به‌ حه‌كه‌م له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ ( متشابه‌ ) لای ، ئه‌وه‌ هیدایه‌ت دراوه‌ ، وه‌ ئه‌گه‌ر پێچه‌وانه‌ش بوو ئه‌وا پێچه‌وانه‌یه‌ .

وه‌ شیخ عبدالرحمن السعدی . ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێت . له‌ ڕاڤه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌دا ده‌فه‌رموێت : ﴿ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ ﴾ واته‌ : تیایدا ئایه‌تی واتا ئاشكرا هه‌ن كه‌ هیچ ( شبه‌ ) و ( إشكال )ی تێدا نیه‌ ، ﴿ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ ﴾ ئه‌و ئایه‌تانه‌ سه‌رچاوه‌ن و هه‌موو ئه‌و ئایه‌تانه‌ی كه‌ ( متشابه‌ )ن ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ لایان ، كه‌ ئه‌مانه‌ش زۆربه‌ی ئایه‌ته‌كانی قورئانن ، و ﴿ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ ﴾ واته‌ : تیایدا هه‌یه‌ كه‌ ( متشابه‌ ) واته‌ : ماناكه‌ی ڕوون نیه‌ له‌ بیری زۆرێك له‌ خه‌ڵكی به‌ هۆی ئه‌وه‌ی كه‌ واتاكه‌ی چه‌ند لایه‌نه‌ ( مجمل ) ه‌ . جا له‌م قورئانه‌دا ئایه‌تی مانا ڕوون وئاشكرا هه‌ن لای هه‌موو كه‌سێك كه‌ ئه‌مه‌ش زۆربه‌ی ئایه‌ته‌كانی قورئانه‌ ، وئایه‌تیشی تێدایه‌ ڕوون نیه‌ لای هه‌ندێك له‌ خه‌ڵكی ،

بۆیە لێرەدا پێویستە ئەوەی کە ڕوون نیە بگەڕێنرێتەوە بـۆ لای ئـەوەی ڕوون وئاشـکرایە ، وە بـەم ڕێگەیـەش هەندێکیان هەندێکی تریان دەردەخات ئاشکرا دەکەن و وهیچ بەرهەڵستی و دژیەکێکی تێدا نابێت .

**م . دارا جبار . عربی**

## ئەرکی موسڵمانان لەڕۆژی ڤالنتاین

وەك چـۆن موسـڵمان ڕۆژانـە کۆمـەڵێك ئـەرکی لەسەرە لە خوێندن و کارو کاسبی و دەرچون لـە ماڵ و پەرەستن و هەوڵدان بۆ دونیا و ... هتد ، بەهەمان شێوەش کۆمەڵێك ئەرکی تری لە سەرە لـە ڕۆژی ( ١٤ / ٢ ) ی هەموو ساڵێك کە ئەتوانین بە ڕۆژی تـاوان و سەرپێـچی کـردن نـاوزەدی بکـەین ، چـونکە تـاوان کردن لەم ڕۆژەدا دەگاتە لوتکە بۆیە ئەرکەکانمان لـەم ڕۆژە بریتیە لەمانەی لای خوارەوە :

١ / بەشداری نـەکردن لـە ئاهەنگەکانی ئـەم ڕۆژە ، چونکە پێشەوا ( الحافظ الذهبی ) فەرمویەتی : ئەگەر خاچ پەرەستان و گاوران جەژنی تایبەت بە خۆیان هـەبوو ، ئـەوا نـابێ موسـڵمان بەشـداری تێـدابکات هـەروەك چـۆن لەڕوگـە ( قیبلـە ) و شـەریعەتەکانیان بەشداری ناکات .

٢ / بەشداری نەکردن لە بڵاوکردنەوەی چاپ کراو و ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە ( ڤالنتاین ) ەوە هەیە و بە باشی باسی ئەکات چونکە زۆر دورە لەڕاستی و دەچێتە ڕیزی ، فەرمان بەخراپە و نەهی لە چاکە .

٣ / ئەگەر لە ڕێگەی تەلیفۆن یان بە نامە یان بە قسەکردن پیرۆزباییان لێکردی ئەوا زۆر بەلێهاتووانە لەوەڵامدا بڵێ ئـەم کـارە تاوانـە وجـەژنی ئێمـە نیـە ئاگەداربە پیرۆزبای کردن بیدعە وناشەرعی وتاوانە .

٤ / بازرگانی نـەکردن بـەو شـت و مەکانـەی کـە پەیوەستە بەم ڕۆژەوە وەك گوڵی سور و دڵی سوور و میزەڵان و جل و بـەرگی سـور و کـارتی ڕەنگـا و ڕەنگی نامە . چونکە پارەکەی حەرامە و کردنەوەی دەرگای تاوانە ، ئەو پارەیەش خوا بیدات کـەمیش بێت باشترە . نـەك ئـەو پارەیـەی لەڕێگـەی حـەرامـد پەیدای بکەی با زۆریش بێت .

٥ / ڕون کردنـەوەی چـەمکی ڕاسـتەقینەی ئـەم جەژنـە بـۆ خـەڵکی و ئاگـەدار کردنـەوەیان لـەو تاوانـەی توشـیان دەبـێ ئەگـەر بەشـداری بکـەن ، لەگـەڵ ڕونکردنـەوەی ئـەوەی کـە پێویـست دەکـات موسڵمان بە دور بێ لەم جۆرە جەژن و ئاهەنگانە .

٦ / بڵاوکردنـەوەی ئـەو نامیلکـە و کتێبانـەی حەقیقەتی جەژنەکە دەخەنە ڕوو وە لایەنی بۆگـەنی تاوانەکان بە خەڵك دەناسێنن .

٧ / ڕون کردنەوەی حەقیقەتی (الولاء ، والبراء) کە بەشداریکردن لە (ڤالنتاین) دەبێتە هۆی نەمانی .

٨ / ڕون کردنەوەی چەمکی یەکتاپەرەستی کە بە بەشداریکردن لە ( ڤالنتاین ) دەڕوشێت ، ئەگەر لـەناو نەچێت ، کـە ( توحید ) لـە دەسـت چـوو بەهەشتیشمان لە دەست ئەچێ .

٩ / ئاگەدارکردنـــەوەی خـــەڵکی لـــەوەی کـــە خۆشـوبهاندن بـە گـاور و خـاچ پەرەسـتان کارێکی ناشەرعی یە و تاوانێکی گەورەیە .

١٠ / وازهێنـان لـە لەبـەرکردنی جلـی سـور و بەکارنەهێنانی گوڵی سور لـەو ڕۆژەدا ئەمـەش وەك سەرپێـچیەك بـۆ گـاور و خـاچ پەرسـتان و وەك سەرپێچیەك بۆ دروشمەکانی ڕۆژی ڤالنتاین .

**م . هاوار عبداللە . کۆمەڵایەتی**

## تێگەیشتن لە ماناى ( لا إله إلا الله )

**لا إلــه إلا الله** : واتــه ( هــیچ پەرســتراوێك نیــە شایستەی پەرستن بێت جگە لە الله ) بەڵێ هیچ کەس و شتێك مـافی خوایـەتی نیـە ، تـەنها خـاوەنی هـەموو گەردوون و دروستکاری هەموو بوونەوەر و بەڕێوەبەری هـەموو زەوی و ئاسمانـەکان نـەبێت کـە پـەروەردگاری جیهانیانە ... هیچ کەس و هیچ شتێك مافی ئەوەی نیە هەرشتێك ناوی پەرستن بێت بۆی ئەنجام بدرێت تەنها خوای گەورە نەبێت کە شایستەی هەموو پەرستنێکە .

هـەروەها وتـەی ( لا إلـــه إلا الله ) لـە دوو بـەش پێکهاتووە ، یاخود لەسەر دوو پایە ڕاگیر کراوە :

یەکەم : النفي ، کاتێك دەوترێت ( لا إلــه ) واتە : هیچ پەرستراوێك بە هەق نیە ، بەم بەشە هەموو کەسێك و شتێکی پەرستراو دەخەیتە لاوە وبەخراپی دەزانی .

دووەم : الإثبات ، کاتێك دەوترێت ( إلا الله ) واتە : تەنها الله شایستەی تـەواوی پەرستشەکانە بـەو پێیـەی ئـەو یاسـا و ڕێـسایەی دانـاوە بـۆ وەرگرتنـی پەرستشەکان .

مەرجەکانی وەرگرتنی وشەی ( لا إله إلا الله ) :

١ . زانینـی ماناکـەی : ( هـیچ پەرسـتراوێك نیـە شایستەی پەرستن بێت جگە لە الله ) .

٢ . دەربڕینی بە زمان بۆ کەسێك کە توانای قسەی هەبێت .

٣ . نەهیشتنی گومان لـە ڕاستی وشـەکە و بوونی دڵنیایی لێی .

٤ . خوشویستنی وشەکە و ئەو خەڵکانەی هـەڵیان گرتووە . نەك ڕق لێبوونی .

٥ . ڕازیبوون و ملکەچی بۆ تـەنها خـوا و نـەکردنی سەرکەشی .

٦ . بەجێ گەیاندنی فەرمانەکان و دورکەوتنەوە لە قەدەغە کراوەکانی .

٧ . مردن لەسـەر ئەو وشـە ، واتـە دەبێت تـامردن لەسەر موسوڵمانی بمێنیتەوە .

**هاوارکریم : ز.سلیمانی.کومەڵناسی**

## بانگەواز بۆ خاچ پەرستن

**ئەڵقەی یەکەم : هۆکاری مێژوویی**

الحمد لله ، والصلاة على رسول الله ... هەندێك جار لێـره و لــەوێ دەبیـــسین کـــە هەنـــدێك لاوی تێنەگەشتووی موسوڵمان بوون بە خاچ پەرست و خاچیان لە ملیان ناوە ، منیش بە پێویستم زانی چەند دێڕێك لە سەر ئەو بابەتە ئامادەبکەم ...

کاتێ کە سوپای یەك خوا پەرستان هـەڵگرانی وشـەی ( لا إله إلا الله ، محمد رســول الله ) گەیشتە سـوپایی سـێ خـوا پەرسـتان هـەڵگرانی وشـەی (مەسیح ، مریەم ، باوك ) هەر خوان !! پەنامان بە خـوا ، لەسـەر زەمینـی شـامدا ، تـاکو ئێـستاش ململانێی نیوانمان بەدەوامە ، بەڵکو بەدەوام دەبێت تا ئەو کاتەی مسیح (عیسا ﷺ ) دێتەخوارەوە و خاچەکەیان دەشکێنێت و بەراز دەکوژێت و حوکم بە ئاینی ئیسلام دەکات ، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " والذي نفسي بيده ليوشكن أن ينزل فيكم ابن مريم ﷺ حكما مقسطا فيكسر الـصليب ، ويقتل الخنزير ، ويضع الجزية ، ويفيض المال حـتى لا يقبله أحد " ( صحيح مسلم ، كتاب الإيمان : ٢٤٢) .

ئەم بەربەرەکانێیەش بەم شێوەیە بوو کە چوار هۆکار لە خۆ دەگرێت :

هۆکـاری یەکـەم : تورەبـوونی سـەڵیبیەکان لـە شکستی خاچ پەرستان لە شام ، چونکە بووە هـۆی ڕزگـاربوونی خـەڵی لەدەسـتی پیـاوانی ئـاینی بـۆ ئازادی تـەنها خـوا پەرسـتی . ئەمـەش ڕق و قینـی خاچ پەرستانی بەرامبەر ئیسلام زیاتر کرد .

هۆکاری دووەم : دڵ پڕ لە ڕقبوونی ئەورووپا کە پڕە لە قین و خوێن مژین و پیاوکوژی ، کە هـەردەم ویستوویانە ولاتانی موسوڵمانان ژێردەستەبکەن لە

دوای شکستی هێزه‌کانیان له ماوه‌ی دوو سه‌ده‌ی جه‌نگی خاچ په‌رستان ، که تاکو نێو جه‌رگه‌ی ئه‌وروپا بران و شکێنران .

هۆکاری سێیه‌م : ململانێی کوێرانه‌یان به‌هۆی کتێبه نووسراوه‌کانی خاچ په‌رستان ، دژی کتێب و بانگه‌وازی ئیسلامی له نێو خه‌ڵکی دا ، بۆیه ویستیان ئیسلام ڕیشه کێش بکه‌ن . له سه‌ده‌ی ناوه‌ڕاست ویستیان ببنه هۆی سه‌رخستنی نه‌زانی و دواکه‌وتووی له‌ڕێگه‌ی بڵاوکردنه‌وه‌ی گومانی بیروباوه‌ڕی ، به‌ڵام سوپاس بۆ خوا ئه‌م سێ قۆناغه هیچ به‌رهه‌مێکی بۆیان نه‌بووه .

هۆکاری چواره‌م : هه‌ڵچوونیان به هۆی ڕزگار کردنی ( قسطنطينية ) ، گریان تێبه‌ربوو ، چاوه‌کانیان کوێربوو ، له ئاست بینینی تاکه موسوڵمانێکیشدا ، وه بێ ئه‌نجامی سێ هۆکاری پێشتر و دوانی ناوچه‌ی (قسطنطينية ) وای لێکردن که هه‌موو هه‌وڵێکیان بخه‌نه گه‌ڕ بۆ سه‌رکه‌وتنیان به‌سه‌ر موسوڵماناندا ، وه‌کو پێشخستنی خۆیان بۆ خوێندنه‌وه‌ی خه‌ڵکی موسوڵمان و قۆستنه‌وه‌ی هه‌ندێ ته‌نگی که تووشی موسوڵمانان بوو ، تاکو گه‌شتنه ئه‌وه‌ی که ئه‌مڕۆ ده‌یبینین لێیان .

وه له‌دوای چه‌وساندنه‌وه‌ی هه‌ندێ وڵاتی موسڵمانان ، ده‌ستیان دایه هێنانی به‌ناو یارمه‌تی به‌ناوی خاچی سور و هه‌ندێ له‌و ڕێکخراوانه‌ی خۆیان ، تاکو هه‌رکه‌س له‌گه‌ڵیاندا بێت ژیان خۆش و بێهوشی که‌ن . مه‌گه‌ر که‌سێ خوا پاراستبێتی لێیان . جاك مندلسون وتی: هه‌ركات لاوانی ئه‌فه‌ریقام ده‌بینی وام ده‌زانی ئیتر چیرۆکه کۆنه‌که‌یان بیرچووه . به‌ڵام بینیم : بانگه‌وازکارانی خاچ په‌رستی پێیان وتین ، ئه‌مانه‌وێ فێری په‌رستشتان بکه‌ین، وتمان ئێمه‌ش حه‌زمان له په‌رستشه ، پێیان وتین که چاوه‌کانمان داخه‌ین ، دامان خست و فێریان کردین ، به‌ڵام کاتێك چاومان کرده‌وه ، کتێبی ئینجیل به‌ده‌ستمانه‌وه درابوو ، وڵاتیشمان داگیر کرابوو . ( رسالة في الطريق إلى ثقافتنا ، تأليف الأستاذ محمود محمد شاكر ) .

ئه‌مه‌یه خاچ په‌رستی دڵ نه‌رم و به‌سۆز که منالانمان فیرده‌کات و ده‌رمان ده‌داته ده‌رده‌دارانمان و کتێبی فیکری خۆیانمان پێشکه‌ش ده‌که‌ن . ئه‌مه‌ش جگه له پرۆسه‌ی به خاچ په‌رستی کردنی موسوڵمانان هیچی تر نیه ... یه‌سوع په‌رستان ده‌ڵێن : هه‌ر ئێمه‌ین میراتگری خاچ په‌رستان ، ئێمه‌ین ده‌گه‌ڕێینه‌وه ژێرڕه‌شماڵی به‌خاچ په رستی کردن و پشتگیری خاچ په‌رستان . ( حقيقة التبشير تأليف أحمد عبد الوهاب ) .

پاشان ئه‌م خاچ په‌رستانه هه‌وڵیان خسته گه‌ڕ له‌گه‌ڵ باڵاده‌ستی سیاسی و سه‌ربازی ئه‌وروپا وه ده‌ست به‌سه‌راگرتنی وڵاتانی موسوڵمانان و شان به شانی هێزی سه‌ربازی و سیاسی ده‌ستیان دایه بانگه‌واز بۆ خاچ په‌رستی ، هه‌رگیز ڕازیش نابن لێمان تاوه‌کو نه‌مانکه‌نه شوێنکه‌وته‌ی خویان . ئه‌وه‌تا په‌روه‌ردگارمان ئه‌فه‌رمووێ : ﴿ وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ ﴾ ( سورة البقرة : ١٢٠ ) .

چاوت لێبێ نه‌وه‌ی بیر ڕوناکی ئیماندار په‌روه‌ردگار فه‌رمووی : هه‌رگیز جوو و گاور لێت ڕازی نابن تاوه‌کو شوینی ئه‌وان نه‌که‌وێت !!! ته‌نها ئه‌مه‌یه ئامانجیان .

**بیلال : ز.سلێمانی.پ.که‌لار/فیزیا**

## بۆچی نزا وپاڕانه‌وه‌کانمان وه‌ڵام نادرێته‌وه ؟!

په‌روه‌ردگارمان ده‌فه‌رمێت : ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ ( سورة غافر : ٦٠ ) .

خه‌ڵکی پرسیاریان کرد له‌ ئیبراهیمی کوڕی ئه‌دهه‌م : بۆچی له‌ خوای گه‌وره‌ ده‌پاڕێینه‌وه‌ که‌چی وه‌ڵاممان نادرێته‌وه‌ ؟!

ئه‌ویش وه‌ڵامی دایه‌وه‌ : چونکه‌ :

١ . ئێوه‌ خوا ده‌ناسن که‌چی گوێڕایه‌ڵی ناکه‌ن .

٢ . ئێوه‌ قورئان ده‌خوێنن که‌چی کاری پێ ناکه‌ن .

٣ . ئێوه‌ شه‌یتان ده‌ناسن که‌ دوژمنتانه‌ که‌چی ڕازین له‌گه‌ڵی و شوێنی هه‌نگاوه‌کانی که‌وتوون .

٤ . ئێوه‌ وا پیشان ده‌ده‌ن که‌ پێغه‌مبه‌ری خواتان ﷺ خۆش ده‌وێت که‌چی ئێوه‌ پشت له‌ سوننه‌تی هه‌ڵده‌که‌ن و گوێی ناده‌نێ .

٥ . ئێوه‌ خۆشه‌ویستیتان بۆ به‌ هه‌شت پیشان ده‌ده‌ن که‌چی کارناکه‌ن بۆ به‌ده‌ست هێنانی .

٦ . ئێوه‌ وا پیشان ده‌ده‌ن که‌ له‌ئاگری دۆزه‌خ ده‌ترسن که‌چی ڕێگری له‌ خۆتان ناکه‌ن له‌ ئه‌نجام دانی گوناهه‌کان .

٧ . ئێوه‌ ده‌ڵێن به‌ڕاستی مردن حه‌ق و ڕاسته‌ که‌چی خۆتان بۆی ئاماده‌ نه‌کردووه‌ .

٨ . ئێوه‌ له‌و شتانه‌ ده‌خۆن که‌ خوای گه‌وره‌ بۆتانی ئاماده‌کردووه‌ که‌چی سوپاسی ناکه‌ن .

٩ . ئێوه‌ مردووی خۆتان ده‌نێژن که‌چی سودی لێ وه‌رناگرن بۆ ئه‌وه‌ی بگه‌ڕێنه‌وه‌ بۆلای په‌روه‌ردگارتان .

## Why our supplications are not answered?!

Our Lord says: 'Invoke me and I will respond to you'

People asked Abraham Ibn Adham why we supplicate our Lord and we are not answered?!

He answered: Because;

yet you don't obey ،1- You know Allah Him.

yet you do ،2- You recite The Quran not act according to it.

3- You know Shaitan (Devil) your yet you have agreed with him ،enemy and followed his steps.

4- You proclaim that you love the yet you ،messenger of Allah (ﷺ) abandon his sunnah and do not pay attention to it.

5- You proclaim your love for yet you do not work to gain ،Paradise it.

6- You proclaim your fear from the yet you do not prevent ،Hell Fire yourselves from doing sins.

yet ،7- You say 'Indeed death is true ' you have not prepared yourselves for it.

8- You eat of those which Allah has yet you do not thank ،provided you Him.

yet you do not ،9. You bury your dead get benefit from it to return to your Lord.

پشتیوان علی . ز . ئینگلیزی . سلیمانی